## سەرۆک کۆمار لەگەڵ تەیف سامی جەختی لە پێویستی پەلەکردن لە خەرجکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم کرد



د. لەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆماری عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە کۆبونەوەیدا لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق جەختی لە پێویستی پەلەکردن لە خەرجکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و گرەبەستەکان و سودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کردەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، د. لەتیف ڕەشید، سەرۆك کۆمار، لە کۆشکی سەلام لە بەغدا پێشوازیکرد لە تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق.

لە دیدارەکەدا ژمارەیەك دۆسیەی ئابوری و دارایی تاوتوێ کران و سەرۆك کۆماری عێراق ئاماژەی بە "گرنگی گرتنەبەری پلانی ستراتیژی مۆدێرن کرد، کە ئاستی ئابوریی عێراق گەشەپێبدات و کار بە دەستبەرکردنی لایەنی دارایی حکومەت و هاووڵاتیان بکات".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، سەرۆك کۆمار جەختیکردەوە لە پێویستی پەلەکردن لە خەرجکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و گرەبەستەکان و سودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەتایبەت دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی.